عێراق سەرخۆشی لە ئێران دەکات بەهۆی قوربانیانی تێقینەوەی بەندەری ڤجایی



وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ئەڤ شەممە، دوابەدوای تێقینەوەکە کە لە بەندەری ڤجائی لە بەندەر عەباس لە باشووری ئێران ڕوویدا، هاوسۆزی دەسەڵاتی عێراقی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی.

لە ڕاگەیەندراوەکی وەزارەتی دەرەوە، کەدەستی موتەڤو کوتووە تێیدا هاتووە: "وەزارەتی دەرەوە هاوسۆزی دەسۆزی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەردەبڕێت، دوای ئەو تێقینەوەیەی کە لە بەندەری ڤجایی لە شاری بەندەر عەباس لە باشووری ئێران ڕوویدا، کە لە ئەنجامدا ژمارەیەک قوربانی و سەدان بریندار خەڵکی مەدەنی بەتاوانی لێکەوتوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، کۆماری عێراق سەرخۆشی لە حکومەت و خەڵکی ئێران دۆکات و لەم ساتە پڕ ئازارانەدا پشتیوانی خۆی بۆیان دووپات دەکاتەوە. هاوکات هاوسۆزی قوڵی خۆی بۆ کۆسوکاری قوربانیان دەردەبڕێت و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازێت.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە: "عێراق جەختی لەسەر پێویستی بەهێزکردنی هاوکاریە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە بەپەلەکان دووپاتدەکاتەوە"، ئامادەیی خۆیشی بۆ پشکۆشکردنی هەر پاڵپشتییەکی دەربڕی کێنگە بەشداربێت لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم کارەساتە".